# پێغەمبەر و فەیلەسوف

کوردی

بەشی یەکەم

بیرکردنەوە لە خوا بە پێی تێپەربوونی کات، شێوە و ناوی جیاجیای بۆ دانراوە تەنانەت لە رووی پەرستنیشەوە گۆراوە لە نێو میللەتێک بۆ میللەتێکی تر.

هەندێ میللەت بتیان پەرستووە وە هەندێ میللەتیش گیانداریان پەرستووە هەروەها هەندێ میللەتیش بایەخیان بە ئەستێرە و مانگ و خۆر داوە بە شێوەیەک پیرۆز بووە کە وەکوو خوا مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

بیرو باوەری تاک خوایی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئیبراهیم خەلیل هاتۆتە کایەوە، ئەگەر چی خۆشی یەکەم جار بروای بەم تاکە خوایە نەبوو.

بە پێی سەرچاوی ئاین زنجیرەیەک لە پێغەمبەر لە نەوەی ئیبراهیم پەیدابووە کە هەمووشیان لەم ناوچانە بوونە.

شتێکی بێ گومانە پێغەمبەر لە نا رەوای دەسەلات و فەسادی کۆمەڵ درووست ببوو، بەڵام کە هێزی شەر قەت بن بڕ نابێ بۆیە پاش چەند سەدەیەکی تر خوا پێغەمبەرێکی تری ئەنارد.

ژمارەی پێغەمبەر یەکجار زۆرن بۆیە هەتا ئێستا کەس ناتوانێ ژمارەیەکی تەواو بدات بەڵام چوار پێغەمبەر هەن کە خاوەن پەرتووکی خواین واتە خوا خۆی فریشتەی بۆ ناردوون و پەرتووکەکەشیان ماوە. وە پەرتووکەکانیش (زەبوور، تەورات، ئینجیل، فیرقان واتە قورئان) ئەم پەرتوکانە بۆ داود، موسا، عیسا و محمەد هاتۆتە خوارێ وە هۆکارەکەشی فەسادی ئەم کۆمەلگایەی رۆژهەڵاتی ناوەرەست بوو.

با بزانیین فەسادی چی ئەگرێتەوە: لە روانگەی ئاینەوە فەسادی ( کوشتن، دزی، قسەهەلبەستن، خاک دزین، لەش دزین، درۆ .... هتد) ئەم دیاردانە کە هێزی شەریان پێک هێناوە کە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵ ئەقولێ. ئەم رەووشتە خراپانە لەلایەن پێغەمبەرێکەوە بن بڕ نەبووە تەنها بۆ ماوەیەک فەسادی کەم بۆتەوە بەڵام پاش سەدەیەک یاخود کەمتر فەسادی زیاتر بۆتەوە، بۆیە خوا پێغەمبەرێکی تری ناردۆتەوە.

بەڵام سێ پێغەمبەرەکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە بریتی بوون لە موسا و عیسا و محمد کە بە مەزنترین پێغەمبەر ناوئەبردرێن هەرهەموویان نەوەی ئیبراهیم بوون وە لەم ناوچەیەش بوون،

کەچی خوا بەشێکی گەورەی سەرزەمینی فەرامۆش کرد.

وەک ئەزانین هەفت کیشوەر هەیە لەسەر رووی سەر زەمین ئەگەر چی چوار کیشوەر ژیانی تەواوی لەسەر نەبووبوو بەڵام خۆ سێ کیشوەرەکەی تر واتە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریکا ژیانی لەسەر بوو بەهەمان شێوە فەسادەیەکی یەکجار زۆری لێ بوو بەڵام

سەیر لەوەیە خوا هیچ پێغەمبەرێکی نەنارد بۆ ئەم ناوچانە و هیچ بایەخێکی پێ نەدا. خاوەن ئاینەکان ئەلێن کاتێک کە خوا پێغەمبەری ئەنارد ئەوا کۆمەلگا لەو پەری فەسادی دابوو بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرێکی ئەنارد

بەڵام ئەگەر بەراوردی کۆمەلگای ئاسیا و ئەورپا و ئەفریقا بکەین دەبین هەمان سووکایەتی بە مرۆڤ و خوا کراوە کەچی خوا بێ دەنگ بووە و هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە لە ئاستی ئەم سووکایەتیەکردنە

تەنانەت هیندیەکان گایان زۆر لا پیرۆزە بە خوای دائەنێن کەچی ڕۆژێ لە ڕۆژان خوا پێغەمبەرێکی بۆ نەناردن تاوەکو لەم تاریکیە دەربازیان بکات.

هەروەها ئەگەر بەراوردێک لە نێو عەرەب و ئەوروپا بکەین ئەبینین هاوبەشیەک هەبوو لە نێوانیان، لە ئەوروپاش بت پەرستن هەبوو بۆ نموونە چەند خوایەک هەبووخوای (جوانی، دەریا، باران...هتد) ئەمانیش هاوبەشیان بۆ خوا درووست کردبوو وە لەو پەری فەسادیش دابوون دەبێ ئێمە پرسیارێک ئاراستەی ئاین بکەین کە بۆچی ئەم زنجیرە پێغەمبەر تەنها لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست پەیدابوو.

ئایا بۆچی خوا تەنها بایەخی بە ئیبراهیم خەلیل و ئەم ناوچەیە داوە بۆچی ڕۆژێ لە ڕۆژان بیری لە ئەوروپا نەکردۆتەوە.

کاتێک ئاینی مەسیحی گوازرایەوە بۆ ئەوروپا خەلکان باوەریان پێ هێنا بەلآم لەهەمان کاتدا فەسادی بن بڕ نەبوو وە هیچ پێغەمبەرێکی تریش نەهات تەواوی بەرنامەکان بکات؟ پرسیار بۆ؟

بە هۆی سەختی ڕێگاو بان ئاین زۆر زەحمەت بوو بگۆێزرێتەوە بۆ شوێنەکی تر بۆ نموونە ئاین زۆر زەحمەت بوو لە فەلەستین بگاتە چین یاخود هیند بەلآم پێوویست بوو پێغەمبەرێک لە هیند هاتبا تاوەکوو خەلکانی لە گا ڕزگار کردبا.

ئەگەر پێغەمبەرەکە لە نەتەوەی خۆیان با باشتر دەبوو نەوەک بێگانەیەک بە زەبری شمشێر بیان هێنێتە سەر ڕێی ڕاست

بۆ نموونە ئایندارێکی بە ناوبانگی ئیسلامی ئەلێ ئەوروپا هەر شوێنی فەسادی بووە ئێستاش هەر شوێنی فەسادیە و لە دوارۆژیش هەر بە فەسادی ئەمینێتەوە ئەگەر خوا هیدایەتیان نەدا ئەی چۆن بە فەسادی نامینێتەوە ئەگەر خوا بایەخی بەم شوێنە نەداوە،

بەلآم هەرکاتێک لە ناوچەی ڕۆژهەلآتی ناوەراست کۆمەلگا ڕووی لە خراپی بکردبا ئەوا خوا دەست بە جێ پێغەمبەرێکی بۆ ئەنارد

ئەوروپا لەلایان خوا بایەخی پێ نەدرا و پێغەمبەریش درووست نەبوو بەلآم لە جیاتی پێغەمبەر فەیلەسوف درووست بوو.

ئەگەر چی ئەوروپا لە ژیانێکی دووا کەوتووی دابوو یۆنان سێ فەیلەسوفی مەزنی لێ دەرچوو (ئەرستۆ، ئەفلاتوون و سوقرات) ئەمانە بوون بە پێشەنگی میللەتی خۆیان و بوون بە قوتابخانەی فەلسەفە ئاخر دەبێ پرسیارێک بکەین کە یۆنان چەندین خوای دەستکردی لێ بوو، لەگەلْ فەسادیەکی یەکجار زۆری لێ بوو بۆچی فەیلەسوف درووست بوو، وە لە ناوچەی ئێمەش پێغەمبەر درووست بوو.

ئاخۆ ئەگەر بە ڕێک کەووت ئەم سێ پێغەمبەرە لە یۆنان لە دایک بووبان ئەبوون بە هەر ئەو پێغەمبەری کە ئێستا ناویان پێ دەرکردوە، یاخود ئەبوون بە فەیلەسوف وە بە پێچەوانەش ئەگەر ئەم سێ فەیلەسوفە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست لە دایک بووبان ئەبوون بە فەیلەسوف یاخود بە پێغەمبەر.

ماویەتی....

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەلْ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلآم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلآویدەکەینەوە..... لەگەلْ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.........  ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org